وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
**Ministry of Higher Education & Scientific Research**

| **PhD Research Proposal** | پرۆپۆزەلی توێژینەوە بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆرا |
|---|---|
| **Title of PhD research proposal** .1 | ناونیشانی پرۆپۆزەلی توێژینەوەی پێشنیازکراو |

**ستراتیژی پاراستن و میکانیزمی دوبارە بەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر (نموونەی هەڵبژێردراو)**
**مێتۆدەیەکی شوێنەواری کەلەپوری بەراوردکاریە**

| **General information** .2 | | زانیاری گشتی |
|---|---|---|
| Name and surname of the supervisor 1 | ئاراس اسماعیل خضر | ناوی سیانی سەرپەرشتیار 1 |
| Scientific title | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پلەی زانستی سەرپەرشتیار1 |
| E-mail | aras.khider@su.edu.krd | ئیمێلی سەرپەرشتیار1 |
| Mobile | 07504638799 | ژمارەی مۆبایل |
| Place of the work | وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | شوێنی بنەرەتی کارکردنی سەرپەرشتیار |
| Department | شوێنەوار | ناوی بەشی زانستی |
| College / faculty | ئاداب | کۆلیژ / فاکەڵتی/سکول |
| university's name | زانکۆی سەلاحەددین | ناوی زانکۆی میلاکی سەرپەرشتیار |
| Name and surname of the supervisor 2 (If it is available) | | ناوی سیانی سەرپەرشتیار 2 ئەگەر هەیە(( |
| Scientific title | | پلەی زانستی سەرپەرشتیاری2 |
| E-mail | | ئیمێلی سەرپەرشتیار2 |
| Mobile | | ژمارەی مۆبایل |
| Department | | ناوی بەشی زانستی |
| College / faculty | | کۆلیژ / فاکەڵتی/سکول |
| university's name | | ناوی زانکۆ |

**Abstract** **پوختە**

لەسەر بنەمای هەستکردن بە گرنگی شوێنەوار و کەلەپوور وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بە تایبەتی خانووە کەلەپووریەکان، ئەم تێزە تیشک دەخاتە سەر ستراتیژیەتی دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن وەک رێگایەک بۆ بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خانووە کەلەپووریەکان و جەخت دەکاتەوە لەسەر شیکردنەوەی کاریگەری پاراستنی خانووە کەلەپووریەکان. لە هامانکاتدا ئاماژە بەچەندین پرۆژەی دوبارە بەکارهێناەوە دەکات لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی جیاواز و شیکاریان بۆ ئەنجامدەدات. لە دەرەنجامدا هەڵدەستێت بە دانانی کۆمەڵێک بنەما بە پیشنیارکردنی شێوازێکی سیستماتیکی بەمەبەستی تەبنی کردن و دووبارەبەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپوری و کلتوریەکونی شاری هەولێر وەک نموونە. جگە لەوەش ئەم تێزە بەهای ئەم پرۆژانە و سوودەکانیان بۆ کۆمەڵگا شی دەکاتەوە.

## پێشەکی

بەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپووری و مێژووییەکان بۆ پیدانی ئەرکێکی نوێ بابەتێکی نوێ نیە، بەڵکو بیرۆکەی دووبارە بەکارهینانەوە بە شێوەیەکی تیۆری رەگ و ریشەی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە. ئەم تێزە ئاماژە بە ستراتیژیەکی جێگرەوە دەدات لە کرداری پاراستن و نۆژەنکردنەوە بۆ دووبارە بەکارهینانەوەی جۆرە جیاوازەکانی بینامێژوویی و کەلەپوریەکان. ئەم بابەتە نەک تەنها بابەتیکی تەواوکاریە، بەڵکو هەوڵی دەرخستنی لایەنی مێژوویی خانوە کەلەپوریەکان دەدات لە رێگەی تایبەتمەندیە بیناسازیەکان و ئەو مەبەستە رەسەنەی کە بۆی دیزاین کراوە بە پاراستنی رۆحی شوێنەکە، کە زۆرجار ون دەبێت لە پرۆسەی خۆگونجاندن و دوبارە بەکارهێنانەوە بە لەبەرچاوگرتنی مانای شوێن کە لە رێگەی دەربرینی تەلارسازییەوە دەگەیەنرێت.

ستراتیژیەتی رە بەکارهێنانەوە بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ زۆر جۆری خانووی مێژووی و کەلەپوری لە سەرانسەری جیهاندا بەکارهێنراوە. ئەمە وەک کلیلی ستراتیژی حکومەت بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە ئەمریکا و کەنەدا و هۆنگ کۆنگ و باکوری ئەفریقا و ئوسترالیا سەیر دەکرێت. بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنانەی ئەنجام دراون نزیکەی ٪٧٠ی بیناکانی ئەمرۆ بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ دەمێننەوە، بەم شێوەیە زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتوو دەبێت ببێتە ناوەندی کرداره بەردەوامەکانمان. بەم شێوەیە، شێوازی دروست بۆ بەرێوەبردنی پێکهاتە مێژووییەکان دەتوانێت بریتی بێت لە کرداری دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆ گونجاندن وەک ستراتیژێکی بەدیل بۆ پاراستنی شوێنە مێژوویی و کەلەپووریەکان. دووبارە بەکارهێنانەوە لێرەدا بریتییە لە چالاککردن یان پرکردنەوەی پێکهاتەیەکی کۆن و پێدانی ئەرکێکی نوێ و جیاواز لەو ئەرکەی کە لە سەرەتادا بۆی دروستکراوە. لەم خاڵەدا، لە کاتێکدا پێکهاتەیەک دووبارە بەکاردەهێنرێتەوە، گرنگترین پێوەرەکان بریتیە لە پێکهاتە رەسەنەکەی و پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ.

ئەوە شتێکی ئاساییە کە بەکارهێنانی خانوەکان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیاندا کۆتاییان پێدێت، بەتایبەتی کاتیک خانوەکان دیزاین کراون بۆ سەردەمیکی دیاریکراو. زۆربەی خانوەکان بەردەوام نابن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە لەسەرەتادا بۆی دیزاین کراون. ئەمەش تارادەیەکی زۆر دەگەرێتەوە بۆ

پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای پیشەسازی و تێچووی زۆری چاککردنەوە، جگە لە هۆکارە داراییەکان، بۆیە ئەم پێکهاتانە چۆڵ و بەتاڵ دەبن. دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن ستراتیجییەکی تەلارسازییە کە ڕێگە بە کۆمەڵگا دەدات خانووە کۆنەکان بپارێزێت لە ڕێگەی نوێکردنەوە یان گونجاندنیان بۆ بەکارهێنانێکی نوێ یان مەبەستێکی نوێ. ئەم ستراتیژە ڕێگە بە تەلارسازان دەدات کە پێداویستییەکانی ئێستا پڕبکەنەوە و ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە بەردەوامبوون و باشترکردنی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان.

گرنگی ئەم تێزە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کار لەسەر پاراستنی بەشێکی گرنگ لە پیکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات کە لە ڕابردوو لە ئێستادا جێی گرنگی پێدان بوون لەسەر ئاستی جیهانی، ئەویش بریتیە لە بینا مێژویی و کەلەپوریەکان بە دەستنیشانکردنی بەدیلێکی جێگرەوەی تەندروست وەک سیاسەتی دوبارە بەکارهێنانەوە بە پێدانی ئەرکێکی نوێ بگونجێت لەگەڵ پێکهاتەی ڕەسەنی بیناکە.

کوردستان، وەک هەریمێک خاوەن مێژوویەکی دورودرێژە، مێژوەکەی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ناوچەکە بە لانکەی شارستانیەت دادەنرێت، شاری هەولێریش بە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی بەردەوام لە جیهاندا ناسراوە. بەڵگەی سەلمێنراو هەیە کە ئەم قەڵا بەرزە زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵە بەردەوام شوێنی نیشتەجێبوون بووە بە نەتەوە جیاوازەکانەوە. لە ئێستادا میراتی بەجێماوی شارستانی شاری هەولێری دێرین بەدەست چەندین هۆکارەوە دەناڵێنێت کە هەڕەشە لە داهاتووەکەی دەکەن. بۆیە دەستێوەردانی بەپەلە پێویستیەکی هەنوکەییە بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەم میراتە نەتەوەییە.

باوباپیرانمان توانیویانە بە شێوەیەکی داهینەرانە، نایابترین نموونەی تەلارسازی کەلەپوریمان بۆ بەجێبهێڵن لەسەر ئاستی جیهان. ئەم شوێنەوارە کەلەپوریانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دوو فۆرمدا پۆلێن دەکرێن. یەکەمیان ئەو شوێنانەن کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گرنگییەکی مێژووییان بەدەستهێناوە بەهۆی سروشت، قەبارە، دیزاین و بەکارهێنانی ڕەسەنیان بونەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک. دووەمیان، بریتین لە شوێنە تۆمار نەکراوەکان کە بەهۆی کەمی گرنگی مێژوویی و کەلەپوریەوە سەرکەوتوو نەبوون لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی و نەبونەتە بەشێک لە پلانی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلەپووری. لێرەوە، پاراستنی خانوە کەلەپوریەکان زۆر بە گرنگ دادەنرێت بە هۆی دوبارە بەکارهێنانەوەیان بۆ مەبەستێکی نوێ. ئەم بەردەوامیدانە بە درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم شێوازە لە بیناسازیە ڕەسەنە ناوچەییە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە نەوەی داهاتوو سودمەند بن و ئاگاداری ئەم ناوچە مێژووییانە بن و بزانن کە لە کوێوە هاتوون.

شوێنی شوێنەواری (قەڵای هەولێر)، لە مانگی تەممووزی ساڵی (2014) دا خرایە لیستی میراتی جیهانی یونسکۆوە، وەک مۆدێلێکی ناوازە و دەگمەنی ڕزگاربوو لە نیشتەجێبوونی شار. ئەم پاشماوە شوێنەواری و کەلەپوریانە، وەک بیناسازی نەریتی کلتوری، دەبینرێن وەک ڕەنگدانەوەیەکی ناوچەیی خەڵکی و نەریتەکانیان کە لەکۆتاییدا دەبێتە ناسنامەی نەتەوەیی. بۆیە زۆر گرنگە کە هەنگاوێک بنێین بەرەو پاراستنی بەشێکی گرنگی ئەم ناسنامە نەتەوەییە کە خۆی دەبینێتەوە لە تەلارسازی نەریتی. پاراستنی بینا کلتوریەکان لە تێکچوونی زیاتر بەهۆی پشتگوێخستن یان هەر هۆکارێکی ترەوە ئەرکێکە بۆ ئەوەی ئەم ناسنامە کولتوورییە بۆ نەوەی داهاتوو بخرێتەڕوو.

ڕەوتی پاراستنی بینا مێژووییەکان و دامەزراوە میراتییەکان لەم دواییانەدا زیادی کردووە بەهۆی ئەو بەها و گرنگیە مێژوویی و کەلەپەریانەی کە هەڵیانگرتووە لە پێکهاتەکانیاندا کە وەک ناسنامەیەک دەبینرێن لەسەر ئاستی جیهانی، ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، سوودی زۆر بە کۆمەڵگا دەگەیەنن. بینا کەلەپووریەکان هەڵگری بەهای کۆمەڵایتی، مێژوویی، ئیستاتیکی، ڕۆحی، هونەری، سروشتی، کەلەپوری و زانستین. ئەگەر بێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و دەستنیشانی ئەو بەهایانە بکرێت کە لە هەر بینایەکدا هەیە، ئەمەش یارمەتیدەر ئەبێت لە هەڵبژاردنی بڕیاری دروست لە جۆری ئەو دەستێوەردانانەی کە پێویستە بدرێت بۆ پاراستن و درێژکردنەوەی تەمەنی بینا مێژوویی و کەلەپوریەکان. بینا کەلەپوریەکان ڕوبەڕووی کۆمەڵێک لە هەڕەشە و لاوازبوونی توانا فیزیاییەکان دەبنەوە کە کار دەکاتە سەر کورتکردنەوەی تەمەنی چاوەڕوانکراوی پێکهاتەکە، ئەمەش بەهۆی خراپی بەڕێوەبردن، نەبوونی پلان، گۆڕانکارییە ئابورییە جیهانییەکان، شێوازەکانی بیناسازی هاوچەرخ، گەشتیاری بێسنوور لە شوێنەکان، کاریگەریەکانی شەڕ و ئاڵۆزیە چەکداریەکان. هەرلەبەر ئەوەش بەشێکی زۆری ئەو بینا مێژوویی و کەلەپوریانە بە ئاراستەی پێوێستبوون بە نۆژەنکردنەوە و پارستن دەڕۆن لە پرۆسەی درێژکردنەوەی تەمەنی سروشتی و کەلەپوری. پلەی دەستێوەردان لە پاراستن و نۆژەنکردنەوەی بیناکان پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی بارودۆخی بیناکان لەگەڵ کەمترین بڕی دەستێوەردان کە هەمیشە باشترین بژاردەیە لە پرۆسەی پاراستن و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئەرکە نوێیەی کە پێشنیار دەکرێت بۆ بینا مێژوویی و کەلەپوریەکان.

بەشێکی زۆری بینا مێژووییەکان تایبەتمەندن بەوەی کە توانای گۆڕانکاریان تێدایە بۆ وەرگرتنی ئەرکێکی نوێ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروستکردنی لینکێک لەگەڵ ڕابردوو، هەستکردن بەشوێن لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان، گەشەکردن و پێشکەوتن. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گرنگیەکی تایبەت دراوە بە بەردەوامبوونی ژینگەی شارەکان، بەو پێیەی کە پرۆسەی دووبارە بەکارهینانەوەی بینا مێژووییەکان دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین ستراتیژیەتە جێگرەوەکان بۆ گەییشتن بەم ئامانجە.

لەسەر بنەمای هەستکردن بە گرنگی شوێنەوار و کەلەپوور وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بە تایبەتی خانووە کەلەپووریەکان، ئەم تێزە تیشک دەخاتە سەر ستراتیژیەتی دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن وەک ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خانووە کەلەپووریەکان و جەخت دەکاتەوە لەسەر شیکردنەوەی کاریگەری پاراستنی خانووە کەلەپووریەکان. لە هامانکاتدا ئاماژە بەچەندین پرۆژەی دوبارە بەکارهێناوە دەکات لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی جیاواز و شیکاریان بۆ ئەنجامدەدات. لە دەرەنجامدا هەڵدەستێت بە دانانی کۆمەڵێک بنەما بە پیشنیارکردنی شێوازێکی سیستماتیکی بەمەبەستی تەببەنی کردن و دووبارەبەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپوری و کلتوریەکونی شاری هەولێر وەک نموونە. جگە لەوەش ئەم تێزە بەهای ئەم پرۆژانە و سوودەکانیان بۆ کۆمەڵگا شی دەکاتەوە.

**ئامانج و مەودای توێژینەوەکە**

پاراستن و بەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپوری و میراتییە چۆلکراوەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرۆسەی نوێبوونەوەی شارەکاندا. دوبارە بەکارهێنانەوە وەک ستراتیژیەتێکی خۆ گونجاندن بەردەوام برەو بە باشترکردنی پلانی شارەکان دەدات و چالاک کردنی ئەو پرۆژانەی کە کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی خانووە بەکار نەهینراوو چۆلکراوەکاندا دەکەن. دووبارە تێکەڵکردنەوەی ئەو پێکهاتانە، بەمەبەستی گونجاندنیان

بۆ پێدانی ئەرکێکی نوێ، پێویستیان بە ستراتیژی کرداری هەیە، بەزۆری لەسەر بنەمای کۆمەڵێک دەستێوەردانی تەلارسازی لەگەڵ ڕێبازە هاوچەرخەکان هاوشان لەگەڵ پێکهاتە ڕەسەنەکان کە خانووەکانی لەسەر بنیاد نراوە. بنەمای سەرەکی لە بابەتی نۆژەنکردنەوەی کەلەپووری نەگوازراوە دەستپێدەکات بە بەڵگەنامەکردن، بەردەوام دەبێت بە پێناسەکردن و هەڵسەنگاندن، کۆتایی دێت بە گەشەدان بە ستراتیژیەتی پەیوەندیدار بە نۆژەنکردنەوە و بڕیاردان لە دەستێوەردان. پێویستە سوود لە سەرچاوە و زانیاری جۆراوجۆر وەربگیرێت، وەک، ڕووپێوی، تۆمارکردن، لیکۆڵینەوەی مێژوویی، شیکاری ماددەکان، مێژووی زارەکی یان لێکۆڵینەوەی گشتی بۆ گەییشتن بە هەڵسەنگاندنێکی کاریگەر.

**بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی توێژینەوەکە بریتی ئەبێت لە:**

**یەککەم:** جگە لە زانینی مێژوو و فەرهەنگی ئابووری-کۆمەڵایەتیی ئەو شوێنەوارانە، پەیوەندییەکانیان بە بەشەکانی دیکەی جیهانەوە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی شوێن و پێکهاتەی شوێنەوارەکە. لەم چوارچێوەیەدا، ئامانجی سەرەکی ئەم تێزە بریتی دەبێت لە هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەی دەستەواژەی دووبارە بەکارهێنانەوە وەک بەشێک لە پاراستنی کەلەپوور، بەتایبەتیتر خانووە مێژوویی و کەلەپووریەکان، لەگەڵ هۆکاری پاراستنیان و بەرز نرخاندنی بەهای خانووەکان وەک بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی.

**دووەم:** لەم تیزەدا، ستراتیژیەتی دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن بەشێوەیەکی فراون ئاماژەی پێدەدرێت وەک بەدیلێک بۆ پاراستنی خانووە کلتوری و کەلەپوریەکان لە لەناوچوونی زیاتر بەهۆی پشتگوێخستن، لەگەڵ سەرنج خستنە سەر بەشێک لەو بنەما و چەمکانەی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، بەتایبەتی ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە شوێنەوارە کەلەپووریەکان و ستراتیژی خۆگونجاندن و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

**سێیەم:** هەڵسەنگاندن بۆ هەندیک لە مۆدیلی سەرکەوتووی پرۆژەی دووبارە بەکارهێنانەوە دەکرێت کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر ئاماژەیان پێدراوە، بەشێوەیەکی بەراوردکاری خوێندنەوە بۆ چەند نموونەیەک دەکرێت کە نۆژەنکراونەتەوە لەسەر بنەمای ستراتیژیەتی دووبارە بەکارهێنانەوە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیەدا، هەندێک دیزاین وەک پێشنار، لەسەر بنەمای دووبارە بەکارهێنانەوە ئاماژەیان پێدەدرێت بە ئامانجی تەببەنی کردنێکی سەرکەوتووی خانووە کلتوری و کەلەپووریەکان و پارستنیان لە وێرانبوونی زیاتر و دوور کەوتنەوە لە کاریگەری نەرێنی بەرامبەر بە شوێنەکە و خەڵکی ناوچەکە.

**چوارەم:** سەرەکیترین ئامانجی ئەم تێزە یان هۆکاری هەڵبژاردنی بریتیە لە پاراستنی خانوە کەلەپوریەکانی شاری هەولێر بە دەستنیشانکردنی میکانیزمێکی گونجاو و کاریگەر بە بەکارهێنانی سیاسەتی دووبارە بەکارهێنانەوەی خانوەکان و پیدانی ئەرکیکی نوێ بەو بینایانە بەمەبەستی درێژکردنەوەی تەمەنیان و بەردەوامی دان بە ژیانیان وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی. لە هەمانکاتتدا، زیندوو هێشتنەوەی ئەو پێکهاتە فیزیکیەی کە پێی دەوترێت بیناسازی ناوچەیی.

بۆ ئەم مەبەستە، ئەم تێزە بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر پەیوەندی نێوان دووبارە بەکارهینانەوەی خانوە کلتوری و کەلەپوریەکان، سودە کۆمەڵایەتی، ئابوری و ژینگەییەکان لە ڕێگەی پێداچوونەوە بەو لیکۆڵینەوە و توێژینەوانەی پێشتر ئەنجامدراون. ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەوەی کە چ کردارێک باشە بۆ بەکارهێنانی زانیاریەکان لە پێناسەکردنی بنەماکانی دیزاینکردنی ستراتیژیەتیکی

سەرکەوتوو لە تەببەنی کردن و دابینکردنی ڕێبازێکی سیستماتیک لە پرۆسەی دووبارە بەکارهینانەوەی خانوە کلتوری و کەلەپوریەکانی شاری هەولێر. هەروەها تێگەیشتن لە دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن وەک چارەسەرێک بۆ پاراستنی خانووە کەلەپووریەکان لە ڕێگەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی نموونە سەرکەوتووەکانەوە ئامانجێکی دیکەی ئەم تێزەیە بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵێک ڕینمایی بۆ توێژەرانی دیکە دەربارەی دووبارە بەکارهێنانەوەی بینا شوێنەواری و کەلەپووریەکان.

**مێتۆد و پێکهاتەی تێزەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرجاوە دەگرێت لەسەر بنەمای میتۆدی توێژینەوەیی شیکاری بەڵگەیی بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوتر بە ئامانجی دروستکردنی پاشخانێکی تیۆری بە ئاماژەدان بە باکگراوندی تیۆری دوبارە بەکارهێنانەوە، پێناسەکردنی، سودە گرنگەکانی، فاکتەرە کاریگەرەکانی لەگەڵ ستراتیژیەتی کارکردن و لە کۆتاییدا شیکردنەوەی چەمکی خانوە کلتوری و کەلەپوریەکان. ئەم چەمکە پێناسە. بەها و ڕێبازەکانی پاراستن لەخۆدەگرێت کە دەتوانرێت لە کتێب و بابەت و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا بدۆزرێتەوە. هەموو ئەوانەی دەچنە چوارچێوەیەکی تیۆری لەم تێزەدا ئاماژەیان پێدەدرێت لە **بەشی یەککەمی تێزەکەدا.**

**لە بەشی دووەمدا،** لەم بەشەدا کار لەسەر شیکردنەەوە و هەڵسەنگاندنی ستراتیژیەتی دووبارە بەکارهینانەوەی نموونە وەرگیراوەکان دەکریت لەسەر بنەمای ڕێبازە هاوچەرخەکان، بە ئامانجی دروست کردنی چوارچێوەیەکی تیۆری کە دەکرێت ببیتە بنەمایەک بۆ پرۆژەکانی دواتر. لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ڕێژەی پابەندبوونی نموونە وەرگیراوەکان لەگەڵ یاسکانی پاراستن لەسەر بنەمای (ICOMOS) هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکریت، لەگەڵ ئامادەکردنی کۆمەڵێک ڕێنمایی گرێدراو بە دووبارە بەکارهینانەوەی خانوە کلتوری و کەلەپوریەکان.

**بەشی سێیەم،** شێوازێکی وەسفی و شیکاری بەکارهێنراوە، لەگەڵ بەردەست خستنی زانیاری گشتگیر پەیوەست بە خانوە کلتوری و کەلەپوریەکانی شاری هەولێر بە شێوەی گشتی و بەشێوەی نموونەی هەڵبژێردراو ئاماژەی پیدەدرێت، هاوشان لەگەڵ ئاماژەدان بە لایەنی مێژوویی بەشێوەیەکی کورت و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای خانوە مێژوویی و کەلەپوریەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، خانووەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت بەپێی گرنگی و ئاستەنگەکان و تواناکان.

**بەشی چوارەم،** ڕێبازێکی شیکاری بەراوردکاری بەکارهێنراوە لەگەڵ چەند نموونەیەکی پەیوەندیدار بە خانووی کەلەپوری کە هەڵبژێردراون بۆ ئەم تێزە. لەم بەشەی تێزەکەدا مێتۆدی بەراوردکاری بەکارهاتوە بۆ بەراوردکردنی چەندین نموونەی تەواوکراو بەشێوەی نموونەی هەڵبژێردراو. بەمەبەستی دوربوون لە دووبارە بوونەوەی نموونەکان، هەوڵدەدەین نموونەکان لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی جیاواز وەربگرین.

**بەشی پێنجەم،** لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لە بەشەکانی پێشوو کۆکراونەتەوە، لەوانە، شیکاریەکان، هەڵسەنگاندنەکان، پێشنیاری دیزاین بۆ چەند خانوویەک لە خانووە هەڵبژێردراوەکان پێشکەش دەکرێت وەک نموونەیەک بۆ چۆنیەتی پاراستن و دووبارە بەکارهێنانەوەیان. لە کۆتاییدا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێشکەش دەکرێت لەگەڵ ئاماژەدان بە پێشنیار و ڕاسپاردە پێویستەکان.

**کێشەکان**

ئەو ژینگەیەی بینا یان خانووی تێدا دروست دەکرێت، دەکەوێتە ژێر چەندین کاریگەری بەهۆی بارودۆخی جیاوازو و گۆڕانکاری، بەو پێیەی بەرکەوتەی جۆرەها تێکچوون دەبێت کە لەئەنجامی چەند هەلومەرجێکەوە دروست دەبێت وەک پشتگوێخستنی بیناکان و چۆڵکردنی شوێنەکان دوای لەدەستدانی ئەرکە ڕەسەنەکانیان. بەشێکی زۆری هەیکەل و پێکهاتەی بیناکان لە ڕووی کرداریەوە کۆن بوون و تەمەنیان بەسەر چووە بەڵام لە ڕووی فیزیکی یان بەشێوەیەکی تر لەڕووی جەستەییەوە تا ڕادەیەک لە بارێکی باشدا ماونەتەوە. ئەم خانوانە بۆ ماوەیەکی زۆر چۆڵکراون، لەبەر ئەوەش ئەو شوێنانە پشتگوێخراون دوای تەواوبوونی ئەرکە ڕەسەنەکانیان، لەبەر ئەم هۆکارە زۆربەی خانووەکان لە مەترسی دارماندان.

**ماوەی یاسایی بۆ تەواوکردنی تێزەکە**

بە گوێرەی ئەو پلانەی کە دامانڕشتوە لە ماوەی یاسایی ڕێگەپێدراو نوسینی تێزی دکتۆراکە تەواو دەبێت.

**دەرەنجام**

بە هۆی بینا مێژووییەکانەوە، ژینگەی مێژوویی چواردەورمان ناسنامەیەکی ناوچەیی دروست دەکات، ئەمەش وادەکات کە ببێتە سەرچاوەیەکی تایبەت، کاتێک کە لەناودەچن ناتوانرێت جێیان پڕبکرێتەوە. بەشێکی زۆری پێکهاتەی بینا کۆنەکان بنیادنراون لەسەر بنەمای بەردەوام بوون، بەڕەچاوکردنی فاکتەرە ژینگەیی و جوگرافیاییەکان. ئەم پێکهاتە مێژووییانە دەتوانن خزمەتی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بکەن بۆ ماوەیەکی درێژ لە داهاتوودا ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو بپارێزرێن. پاراستن و تەببەنی کردنی خانوە مێژوویی و کەلەپوریەکان زۆر گرنگە بۆ بوژاندنەوەی شارە مێژووییەکان. هەبوونی بژاردەی فراوان لە دوبارە بەکارهێنانەوەی بینا مێژووییەکان، وەک هەبوونی گەڕەکێکی مێژوویی، دەتوانێت دوبارە ئەو بینایانە چالاک بکاتەوە و ڕۆڵیان هەبێت لە بوژاندنەوەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەڕەکەکە. دەستەواژەی خۆگونجاندن و دووبارە بەکارهێنانەوە مەودایەکی فراوانی هەیە و پشت دەبەستێت بە قەبارە و مەبەستی پێشنیارکراو بۆ گۆڕینی بیناکە.

سیاسەتی دووبارە بەکارهێنانەوە یەکێکە لە گەورەترین پێشکەوتنەکان لە پاراستنی بینا مێژووییەکان لە سەرانسەری جیهاندا کە خزمەت بە درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم ناسنامە نەتەوەییە دەکات. لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە چەندین دەرەنجام لە بابەتی هاوشێوە گەییشتین بە کۆمەڵێک دەرەنجام، لەوانە "گونجاوترین دووبارە بەکارهێنانەوە" بریتیە لە درووستترین میکانیزمێک کە پشتی پێببەسترێت لە پاراستنی بینا کەلەپوری و مێژووییەکان، پێویستە ئەم سیاسەتە پەیڕەوبکریت لە پرۆسەی پاراستن و نۆژەنکردنەوە بەمەبەستی دەرخستنی لایەنی جوانی و بەها مێژوییەکانی بیناکان. سەرەڕای ئەو فرەییەی کە هەیە لە میکانیزمەکانی دووبارە بەکارهینانەوە وەک ئەوەی کە لە تیزەکەدا باسدەکرێت، گونجاوترین میکانیزم یان ستراتیژیەتی بەکارهینانەوە بریتیە لەو میکانیزمەی کە کار لەسەر پاراستنی شێوازە ڕەسەنەکەی بیناکە دەکات، واتە پێدانی ئەرکێک کە گونجاو بێت لەگەڵ پیکهاتە ڕەسەنەکەی بیناکە بە کەمترین دەسکاری یان گۆڕانکاری بنەڕەتی. سیاسەتی دوبارە بەکارهێنانەوە و خۆ گونجاندن لەگەڵ بینا کەلەپوری و مێژووییەکان بەشداریەکی کارا و کاریگەریان ئەبێت لە دەرخستنی گرنگی لایەنی مێژویی بیناکان و پاراستنیان لە لەناوچوونی زیاتر و کەمکردنەوەی وێرانکاریەکان و سودوەرگرتن لەو ژینگەیەی کە هەیە لە لایەن وەبەرهێنەرانەوە.

**10. References** سەرچاوەکان


Langston, F. W. (2008). Strategic assessment of building adaptive reuse opportunities in Hong Kong. Building and Environment, 43(10), 10.

Fisher-Gewirtzman, D. (2016). Adaptive Reuse Architecture Documentation and Analysis. Journal of Architectural Engineering Technology.

Brooker, G. a. (2004). Rereadings: interior architecture and the design principles of remodelling existing buildings. London, UK: RIBA Enterprises. (TICCIH, 2011)

Yung, E. H. (2012). Implementation challenges to the adaptivereuse of heritage buildings: Towards the goals of sustainable, low carbon cities (Cilt 36). Habitat International. https://doi.org/10.1016/j.habitatint.2011.11.001

Latham, D. (2000). Creative re-use of buildings. Shaftesbury: Donhead.

Mohseni, H. H. (2018). Creative ideation and adaptive reuse: a solution to sustainable urban heritage conservation. Earth and Environmental Science, 126.

TICCIH. (2011). <https://ticcih.org/about/about-ticcih/dublin-principles/>.

UNESCO. (2017). What is meant by "cultural heritage"? United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization.


**11. General notes:** هەر زانیارییەکی گشتی دیکە کە سەرپەرشتیار بە گرنگی بزانێت

**پرسیارە سەرەکیەکانی پەیوەست بە تێزەکە بریتین لەم پرسیارانەی خوارەوە:**

ئەنجامەکان پەیوەندیدار ئەبن بە بەها ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانەوە، ئەمانەش بە کۆڵەگەی بەردەوامیدان و ڕوونکەرەوەی کاریگەریە ئەرێنیەکانی ستراتیژیەتی دووبارە بەکارهێنانەوەن لەسەر هێشتنەوە و پەرەپێدانی ناوخۆیی بەشێوەیەکی بەردەوام.

١- ستراتیژی دووبارە بەکارهێنانەوە چۆن دەتوانێت خانووە کولتووری و میراتییەکان بپارێزێت، وە ڕۆڵی لە بوژاندنەوەی کۆمەڵایەتی و دووبارە بوژانەوەی شارەکاندا چییە؟

٢- ئەو بنەمایانە چین کە بەکاردەهێنرین لە کاتی دووبارە بەکارهێناوەی خانوەکان؟

٣- چۆن دەتوانین سوود لە نموونەکانی پێشوو وەربگرین وە چۆن دەتوانین ئەو مێتۆدانە لە توێژینەوە و کەیسە هەڵبژێردراوەکاندا جێبەجێ بکەین؟

| |
|---|
| |
| **12.**<br>پەسەندکردنی پرۆپۆزەل لە لایەن لیژنەی زانستی بەش<br><br>ژمارەی کۆنووسی کۆبوونەوە:<br>رێکەوتی کۆبوونەوە:<br><br>بریار: پەسەند کرا ◯ پەسەند نەکرا ◯<br><br>ناوی سیانی و واژووی لیژنەی زانستی بەش<br><br>واژوو:<br>ناوی سەرۆکی لیژنەی زانستی بەش مۆری بەش<br><br>واژوو:<br>ناوی سەرۆکی بەش: |
| **13.**<br>پەسەندکردنی پرۆپۆزەل لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی<br><br>ژمارەی کۆنوسی کۆبوونەوە:<br>رێکەوتی کۆبوونەوە:<br><br>بریار: پەسەند کرا ◯ پەسەند نەکرا ◯<br><br>واژوو:<br>ناو راگری کۆلێژ: مۆری کۆلێژ |

تێبینی: تکایە فۆرمەکە تەنها بە یەك زمان (زمانی توێژینەوە) پر بکرێتەوە.